
# کەس بۆ نییە پەرلەمان و حکومەتی جوان و بیٚ لەکە، ناشیرین ولەکەدار بکات!



**عبدالله مەحمود**
abdulla.mahmud@gmail.com

**جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان لەگفتوگۆیەكیدا لەگەڵ هەولێر پۆست، كە بەرواری 2006/6/11 ژمارە 54 كەوتە بەرچاوی خوێنەران. لەوەڵامی پرسیارێكدا دوای ئەوەی بەشان وباڵی حكومەت و پەرلەماندا هەڵدەدات، دەڵێت" هەندیٚ كەس هەن بەناوی نوسەرەوە هەوڵی لەكەداركردنی سومعەی پەرلەمان و حكومەت دەدەن، كە ئەمانە نەك نوسەر نین، بگرە داردەستی بێگانەودوژمنانن.....ئەو نوسەرانە لەڕێگای نوسینەكانیانەوە ژەهر دەڕێژن، ئەوانە دەستێك لەپشتیانەوەیە بۆئەوەی ئەم ئەزمونە(مەبەست لە ئەزمونی حكومەت و پەرلەمانی كوردستانە) لە پێش چاوی خەڵك سوك بكەن"**

**هیچ شتیك لەوە چاوەڕوانكراوتر نییە، كە جێگری سەرۆكی پەرلەمان ئاوا بپەیڤێت، وە ئەمە نەك هیچ سەیر نیە كە ئاوا نوسەران و دەنگی ئازادیخوازان بە نۆكەری بێگانە و دوژمنان لەقەڵەم ئەدات و بەڕشتنی ژەهراو تاوانباریان دەكات، بگرە سەیر ئەوە دەبوو ئەویش بەم جۆرە نەپەیڤێت و لێدوانی ئاوا بڵاونەكاتەوە.**

**كەمال كەركوكی چ بەوێنەی بەرپرسی حزبێك(پارتی)و چ بەوێنەی جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان، ئەركیەتی هەرچی ڕاستیە حاشاهەڵنەگرەكانە ئاوەژوو لینگەوقوچ بكاتەوە، وە ئەركیەتی نەفرەتی خۆی ڕوو بەنوسەرانی ئازادیخواز، ڕوو بەدەنگی ناڕازیان، دابباریٚنێت.**

**جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان لە نزیكەوە ماهیەتی پەرلەمان وحكومەتەكەی خۆیان ئەزانێت، وەدەزانێت كە هەڵگری هیچ پێوانەیەكی یاسایی نین، وەدەزانێت كە ئەم حكومەت و پەرلەمانە هێندەی لە كاریكاتۆرێك ئەچن، نیو ئەوەندە لە پێكهاتەیەكی یاسایی ناچن و كارنامەی واقعیشیان لەخەڵك باشتر ئەزانێت، جیاوازی ئەو لەگەڵ نوسەرانی پێشكەوتنخواز و خەڵكی**

دڵپڕلەقین وناڕازی ئەوەیە، ئەو ڕاستیەکان ئاوەژوو دەکاتەوەو نوسەرانی ئازادیخواز و خەڵکی ناڕازی و تیکۆشەریش ڕاستیەکانی ئەم پەرلەمان و حکومەتە نیشانئەدەن و بەدژی کارنامەو هەڵس وکەوتەکانیدا دەوەستنەوە.

بەر لەهەموو شت کوردستانی عێراق، تا ئێستا دەوڵەت نییە، وولاتێکی سەربەخۆ نییە، یەکێتی و پارتیش کۆسپی سەرەکی بەردەم پێکهینانی دەوڵەتن وبەدژی خواستی جیابونەوەی کوردستان و پێکهێنانی وولاتێکی سەربەخۆ وەستاونەتەوەو دەوەستنەوە. بەرژەوەندی خۆیان وەکو دووحزبی چەکدار، لەمانەوە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزیدا دەبینەوە، بۆ پاراستی ئەم بەرژەوەندیەشیان دژی جیابونەوەی کوردستان و گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵکین، ئەوەش کە پێی دەوترێت حکومەت و پەرلەمان، و کەرکوکی بەشان و باڵیدا هەڵدەدات، تەنها دووپەیکەرەی حزبین لەبەرگی دامەزراوەی بەناو یاساییدا،بەڵام نەبەشێکن لەئیرادەی خەڵك‌و نەیاساییێن‌و نەهیچ سەربەخۆیەکیان هەیە و نەهیچ کارەن و نەهیچپیشیان لەدەست دێت، نە یەکێتی و نەپارتیش هیچ حسابێك بۆ ئەم حکومەت و پەرلەمانەی خۆیان دەکەن، حزب هەمەکارەیە، سەرۆکی حزب ڕەئیسی بەرو بەحرە، دیارە هەر ڕەئیسە لە قەڵەمڕەوی دەسەلاتی خۆیدا، نە پارتیەکان گویێ بەبڕیاری سەوز ئەدەن و نە زەردەکان ئاوڕ لە یەکێتی ئەدەنەوە، هەموو کەسێکی هوشیارش دەزانێت ئەم حکومەت و پەرلەمانە نائاسایی و نایاسایەش پەیوەندی بە هەڵبژاردن و پرۆسەی دیموکراسیەوە نیە، بەڵکە ئەمانە بەرێکەوتن لە سەری ڕەش و دوکان برياری پێکهێنانیان دراوەو ڕادەی کورسی و ئاستی سەلاحیەتی ڕوکەشی ئەم حکومەت و پەرلەمانەش، بەپیێ ڕادەی پانتایی نفوز هێزی چەکدارو جغرافیای دەسەلاتی میلیشیایی دیاریکراوە، نەك هیچی تر.

نابیێ ئەوەشمان لەبیربچێت، کە تائێستا دوو ئیدارەکان لەپایەترین ئاستی خۆیدا نەبوونەتەوە بەیەك، وکێشە نەبڕاوەکانی نێوان یەکیتی‌وپارتی وتایبەتمەندیەکانیان بەوێنەی دووحزبی میلیشیایی هێندە زۆرن کەئەگەری یەکخستنی یەکجاری ئەم دووئیدارەیە لە خەونێکی نەزۆك زیاتر هیچی تر نیە.

حکومەت و پەرلەمانێکی ئاوا کە کەرکوکی دڵی پێی ئەسوتیێ!! خۆی هیچ جوانیەکی نیە، جێگای هیچ شانازیەك نیە تاپێویست بەوەبکات کەسێك ناشیرینی بکات و لەبیێ لەکەیەوە!!لەکەداری بکات.

ئەم حکومەتانە(هەردوو ئیدارە) و ئەم پەرلەمانە عاجباتی یە، بە بەرگری کردنی لە یاساکان بەعس لەپەیوەند بەیاساکانی باری کەسێتی و سزادان، یاسای ئەحزاب و چاپەمەنی، تەدریس، هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئازادی و خواستەکانی خەڵك و ناڕەزایەتیەکانی، وە لەهەموو ئەوانەش زیاتر بە پاشکۆبوونی بەدەستوری ئیسلامی و قەومچێتی عەرەبیەوە، هێندە لەکەدارو ناشیرینە، ئەگەر کەسێك کەم تازۆرێك دڵی بەخەڵك و ئایندەی کوردستان بسوتێت، یەکەم ئەرکی ئەوەیە ئەم عاجباتیانە وەلابنێت.

نەك پەرلەمان و ئیدارەکان باشترە بڵێین ئەم دوحزبە بە پانزە ساڵ دەسەڵاتدارێتی کردن، نەتوانن یاسا فاشستی و دیکتاتۆریەکانی بەعس توڕ بدەن و لە جێگایدا یاسای مۆدیرن دابنێن، و لەوەش واوەتر بەرگری لەویاسایانە بکەن وبەم یاسایانە مامەڵەی ئەحزاب، ڕۆژنامەنوسان، چاپەمەنی، خوێندن و پەروەردە، مافەکان ژنان و منالآن، ........بکەن، زوربەی هەرەزۆری بەرپرسانی ئەم دووحزبە لە حکومەت و پەرلەمانەکەیاندا، قارەمانی شەڕی ناوخۆ بوبن و ژمارەیەکی زۆریان فایلداربن، لەتیرۆری ئابوری کۆمەڵگادا پەروەندەیان ڕەش بێت، لەدزینی پاروی دەمی خەڵکدا دەستی باڵایان هەبێت، لەولاشەوە بە پانزە ساڵ کێشەی ئاو وکارەبا و ڕێگاوبان، شوێنی نیشتەجێبوون.... چارەسەرنەکەن بەو داهاتە خەیاڵیەوە کە لەبەردەستیان بووە، ئیتر جوانی ئەم پەرلەمان و حکومەتە چی یە؟

ئایا باسکردنی ئەم ڕاستیانەی سەرەوە ژەهراو ڕشتنە؟ وە ڕەخنەگرتن لەم حکومەت و پەرلەمانەو نیشاندانی ماهیەتی واقعییان وکارکردیان، ئەرکی هەر ئینسانێکی ئازادیخواز هەر نوسەرێکی ئازاد نیە؟

ڕەخنە گرتن لەم حکومەت و پەرلەمانە، و نیشاندانی بە نائاسایی و نایاسایی و ڕیزکردنی کارنامەکانی کە باشیەکی تیانادۆزرێتەوە، دەستی دوژمنان و بێگانەی لەپشتە؟

کەرکوکی دەیەوێت بەبەکارهێنانی ئەم دەستەواژە قێزەونانە چ پەیامێك بدات؟ لەکاتێکدا ئەم دەستەواژانە و بەکارهێنانیان لەلایەن خۆی و بەرپرسانی تری حزبی و حکومیانەوە لەدژی نوسەرانی ئازادیخواز و ئازاد و دەنگی نەفرەتی حەقخوازانەی خەڵکی کودستان بەسە بۆ نیشاندانی رووی ناشیرینی حکومەت و پەرلەمانەکەیان و حزبەکانیان. ئەم دەستەواژانە پێشتر لەلایەن بەعس و ڕژێمە دیکتاتۆرو فاشستەکانەوە کەم نەوتراوان، کەرکوکی باش دەزانێت بەعس هەموو دەنگێکی ناڕازی و ناکۆك بەخۆی لە ژێرناوی پاراستنی سەروەری نیشتمانی، مخریب، کرێگرتە، سەر بەئیمپریالیزم و ئیسرائیل،...تاد، کپ دەکردەوە، و ئەم دەستەواژە قێزەونانەی بەدەستەوەدەگرت، ئێرانی ئاخوندەکانی ئێران بەهەمان شێوە دەنگی حەقخوازانەی ناڕازیان و پێشکەوتنخوازان بە نۆکەری شەیتانی بزرگ، دژی ئیسلام...تاد لەقەڵەم ئەدات و سەنگسارو ئیعدام وکوشتار دەکات.

یەکێتی و پارتی دەستەواژەی تابوری پێنجەم یەکەم دیاریان بوو بۆ سەرکوتی خۆپیشاندان وناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان لەگەڵ گرتنەدەستی دەسەڵاتیان بەدوای نەمانی بەعس لەکوردستان لە سالی 1991 دا، ئیتر پێبەپێی فراوانبونەوەی دەسەڵاتیان و خۆگرتنیان، دەستەواژەکانیشیان گۆڕیوە، ئێستا دەستی لەپشتە دەستەواژەیەکی تازەیە بۆسەرکوتکردن و زیندانیکردن و شکنجەدان و گوللەبارانکردنی خۆپیشاندانی نارەزایەتیەجەماوەریەکان وڕابەرانی، نوسەران و ئازادیخوازان.

دیارە ئەمە ڕاستیەکە کەسەرجەم خۆپیشاندان و نارەزایەتیە جەماوەریەکان دەستیان لەپشتە، بەڵام ئەودەستانە بەکرێگیراوی ڕژێمەکانی ئێران، تورکیا، عێراق و بەعسیەکان، یان ئیسلامیەکان و

ئیسرائیل نین، بەڵکە ڕابەرانی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەرین، نوسەران و تیکۆشەرانی سیاسی پێشکەوتخوازو ئازادیخوازن، ڕۆژنامەنوسانێکن کە دژی دنیای ستەم و نابەرابەری و بێمافیین، وە ئەم دەستانە دیار و ئاشکران، کەرکوکی و سەرانی پارتی و یەکێتی لەهەموو کوچەو کۆڵانێکی شارو شارۆچکەکان، دێهاتەکان، لەهەموو کارگەو کارخانەکان، لەهەموو ناوەندە خەدەمیەکان، وە لەناو هەموو توێژەکانی وەکو ژنان و لاوان، دەتوانن ئەم دەستانە وە ئەم کەسانە ببینن، ئەوانەی کەڕۆژانە بەهۆی تێکۆشانیان یان توشی دەرکردن لەسەرکار، یان ڕفاندن و زیندان و شکنجە یانیش بێقاچ ئەکرێن یان وەکو کوردە شەلاڵی خوێن دەکرێن، ........تاد، ئەم دەستانە ڕۆژانە زۆر ئەبن و ئێوەش ڕۆژانە دڵڕەقتر ئەبن.

داردەستانی دوژمنان و بێگانەش، ئاشکران، بۆدۆزینەوەیان پێویست بەهیچ لێکۆڵینەوەیەك ناکات، بەدواداگەڕانی پێویست نیە. یەکێتی و پارتی کەهەموو تەمەنی سیاسی و خۆیان،و هەر ڕادەیەك لەدەسەلات و نفوزیان بەپشتبەستن بە وڵاتێکی کۆنەپەرستی ناوچەکە،و بەخۆبەستنەوە بەکێشەو ناکۆکی وڵاتەکانەوە بووە، بەخۆگرێدانەوە بەسیاسەتی دژی ئینسانی سەردەمەوە بووە. وە شکستە سەرەکیەکانیشیان هەمیشە لەبنبەستی ئەم سیاسەتەوە بووە، کە هەمیشە کوێرەوەری و ڕۆژ ڕەشی بۆ خەڵکی کوردستان بەدواوەوە بووە، کەچی دیسان ئەوانن خەڵك بەقەرزارباری خۆیان ئەزانن.

ئەوانەی ڕژێمی سوپای ئاخوندی ئێرانیان هێنایە ناو قوڵایی کوردستانەوە، بردیانە سەر بارەگاکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە، قەرارگای ڕەمەزانیان لە شارەکانی کوردستاندا لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا بۆکردنەوە، کە تیرۆری سەدان لە پەنابەرو سیاسیانەیان بەڕۆژی ڕوناك ئەنجامدا، دیارە کێ هێنانی و کێ پێشلەشکری کردن و کێ لە خزمەتیاندا وەستابوون.

ئەوانەی سوپای تورکیایان هێنایە ناو هەموو پانتایی کوردستانەوە، وە چەقوکێشەکانی میتی تورکیایان لە چەندین بارەگادا بەناوی صەلیب ئەحمەرو ... پێشوازی لێکردو بەریان دانە گیانی پەکەکە، و پەنابەرانی تورکی وئۆپۆزیسیۆنی سیاسی، دیارە کێ بوون و مێژووەکەیان کۆن نییە، ئەوانەی کە بەعسیان هێنایە کوردستان لەساڵی 1991 و 1996 دیارە کێ بوون، وە ئێستاش دیارە کێ خەریکە کوردستان دەگێڕێتەوە بۆ ژێرسایەی دەسەلاتی ئیسلامی و قەومی، کەچی کەمال کەرکوکی چاوقایمانە نوسەران و خەڵکی تێکۆشەرو ناڕازی بە داردەستی دوژمنان و بێگانە لەقەڵەم ئەدات.

ئەم دەستەواژانەی کە کەمال کەرکوکی و بەرپرسانی هەردووحزب ڕایدەگەیەنن، تازەنین. وە تەنها چەند دەستەواژەیەك نین، بەڵکە نەخشەیەکن، بۆ درێژەدان بە سەرکوتی سیاسی و ئازادیەکان و پێشلکردنی مافە فەردی و مەدەنیەکان، درێژەدان بە دزی و تاڵانی ... بەڵام ئەمجارە لەژێرناوی حکومەتی یەکگرتوی کوردستاندا.

دەبێ خەڵکی ناڕازی کوردستان و نوسەران و ڕۆژنامەنوسانی ئازاد، لەبەرامبەر نەخشەی سەرکوتی

**ئەحزابدا، وە لەبەرامبەر ئەم هێرشەی بۆسەر نوسەران و ڕۆژنامەنوسان، وەبۆسەر خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکانی خەڵکدا وەبۆسەر ئازادی بەمانای تەواوی ووشەکە دەستیان داوەتیٚ، یەککگرتوانەتر و هاوئاهەنگ ڕوبەڕووی ببنەوە. تاوانباران بەرامبەر بەئازادی، بەرامبەر بە نوسەران و خۆپیشاندنی خەڵکی و ڕابەرانیان بەرامبەر بەدزی و تالآنی وە بەرامبەر بەتاوانی گێرانەوەی خەڵکی کوردستان بۆ ژێرسایەی دەسەڵاتی قەومی وئیسلامی لە ناوەند.....تاد بوەستنەوەو لەبەردەم دادگای عادلانەی جەماوەریدا ڕابگیرێن.**

2006-6-19